کۆلێژی هونەرەجوانەکان/ هەولێر
بەشی موزیك

بابەت/ مێژووی موزیکی هاوچەرخ
سمینار

# کاریگەری گۆرانیەکانی حەسەن زیرەك لەسەر گۆرانی بێژانی باشوری کوردستان

## پێشکەشکردنی
## چیایی کمال سعدی

2021 - 2020
هەولێر

# ژیان و بەسەرهاتی هونەرمەند حەسەن زیرەك

پێناسە و ژیاننامەی هونەرمەند حەسەن زیرەك / حەسەن زیرەك بە پێی ناسنامەی ژمارە 735 ی ئیدارەی سەبتی ئەحوالی شاری بۆكان بەمجۆرەیە : ناو حەسەن، شۆرەتی زلە بۆكانی، ناوی باوك عولا زلە بۆكانی ناوی دایك ئامین، ڕۆژی لە دایك بوون 8/9/1300 بەرامبەری 29/11/1921 زاینی، شوێنی لەدایك بوون شاری بۆكان، شوێنی وەرگرتنی ناسنامە بۆكان محەلی ئاختاچی كەبە شاری بۆكان و ناوچەی بۆكان گوتراوە، لە گەڕەكی سەرقەڵا كە حەوزە گەورە و مزگەوتی گەورەو قەڵای سەرداری تێدا هەڵكەوتووە و كۆنترین گەڕەكی شاری بۆكانە، تۆماركراوە.

زیرەك خاوەنی دووبراو خوشكێكە بە ناوەكانی (حمد ئەمین و حسێن و سارا)، زیرەك لەتەمەنی یانزە ساڵی دا دەبێت كە باوكی لەدەست دەدات و دایكیشی شوو دەكاتەوە، بۆیە زیرەك و خوشك و براكانی دەكەونە ژیانێكی پرئێش و ئازار و مەینەتی، زیرەك لەم تەمەنی منداڵیەی دا بۆ بژێوی ژیانی ماوەیەك دەبێتە گاوان و ماوەیەكیتر بەكاری كشتوكاڵی دێهات خەریك دەبێت و دواتر لەشارەكانی ئێران و عێراق شاگرد قەنادی و شۆفێری و قاوەچیەتی و خزمەتچی هۆتێل و ڕێستۆرانتەكانی دەكات، زیرەك لەتەمەنی دا زۆر شار و وڵات گەڕاوە (ڕۆم و ئێران و عێراق) بەڵام لەهیچ شوێنێك نەحەواوەتەوە، بۆیە زۆربەی گوند و شارەكانی كوردستان گەڕاوە.

# چەند وێستگەیەکی هونەری لەژیانی هونەرمەند حەسەن زیرەك

یەکەم/ سەردەمی منالّی : زیرەك هەرلەمنالّیەوە گۆرانی چڕیوە و خاوەنی دەنگێکی زۆر خۆش و کاریگەر بووە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی لەم سەردەمەدا کاری گاوانی کردووە و زۆریش لەگەڵ هەردوو هونەرمەندی میللی (عەبە چاوەش و حەمەحسێن چاوەش ) گەڕاوە، ئەم دوو هونەرمەندەش زۆر پێی سەرسام بوونە و لەشاییەکانی ناو شار و گوندەکانی بۆکان گۆرانیان پیّ چڕیوە.

دووەم/ سەردەمی لاوی: دوای ئەم هەموو نەهامەتی و دەربەدەری و ناخۆشیەی هونەرمەند حەسەن زیرەك بینی لە ژیانی خۆیدا تا لەسالّی 1955 لە ڕادیۆی کوردی بەغدا دەست دەکات بە تۆمارکردن و پەخشکردنی بەرهەمەکانی و دواجار لەسالّی 1958لەم ئێستگەیە دادەمەزرێت و بەردەوام دەبێت لە کارەکەی، زیرەك لە گەڵ زۆربەی هونەرمەندە کوردەکان، وەك (عەلی مەردان و تایەر تۆفیق و ڕەسوول گەردی و حەسەن جەزراوی و شەماڵ سائیب و باکوری و نەسرین شێروان و زۆرێکی تر) کاریکردووە و بەم هۆیەشەوە زیاتر دەرکەوتووە، دواتر زیرەك ڕوولە شاری سلێمانی دەکات و بەردەوام دەبێت لە گۆرانی چڕین و لەگەڵ زۆرێك لە هونەرمەندانی ئەم شارە هاوڕێیەتی و ئاشنایەتی پەیدا دەکات و ئاهەنگ دەگێڕن کە دیارترینیان هونەرمەند (ئەحمەد شەماڵ)ە، زیرەك لە دیوەخان و مالّان و لە بۆنەکان و تەنانەت لە شانۆکانیش بەشداری کردووە و گۆرانی چڕیوە، وەك لەسالّی 1961 لە شاری سلێمانی لە تیپی شانۆی هونەرەجوانەکان لەگەڵ هونەرمەندان ( سێوە، ڕەشۆڵ )، لە شانۆنامەکانی (بووکی ژێر دەواری ڕەش، خەسوو یان ئەژدیها، پیسکەی تەڕپیر) بەژداری کردووە و گۆرانی چڕیوە.

# حەسەن زیرەك لە دیدی هونەرمەندان و ڕۆشنبیران و ئەدیباندا

هونەرمەند حەسەن زیرەك توانی لەم ماوە كورتەی ژیانی لەڕێگای هونەر و موزیكی گۆرانیەكانی شوێن و پێگەیەكی نەمر بۆخۆی تۆمار بكات لەناو ڕێژەیەكی زۆر لە هونەرمەندان و ئەدیب و شاعیران و ڕۆشنبیران و مێژوو نوسان و تەنانەت سیاسەت مەدارانیش، كە هەریەك لەمانە چەندین گوتار و نوسین و پەڕتوك و توێژینەوەیان لەسەر ژیان و بەسەرهات و كارە هونەریەكانی تۆماركردوە، بۆیە هەندێك لەم بۆچوونانە دەخەینە ڕوو. میرزا كەریم خۆشناو لەكتێبەكەی (حەسەن زیرەك و هەندێك لەبەسەرهاتەكانی لەسەر زمانی هونەرمەند تاهیر تۆفیق دەڵێت حەسەن زیرەك سامانێك بوو لە دەست ئێمە و گەلی كورد ڕۆیشت، قوتابخانەیەك بوو لە هونەر و فۆلكلۆری كوردی، هەروەها هونەرمەند حسێن علی هاوڕایە لەگەل بۆچوونەكانی تاهیر تۆفیق وجەخت دەكاتەوە كە زیرەك قوتابخانەیەكی هونەری میللی بووە لە گۆرانی كوردی دا، وەتوانیویەتی بەتەمەنێكی كورت ببێ بە خاوەنی زیاتر لە 1500 گۆرانی، هەرچەندە بەشێكی زۆری گۆرانیەكانی تۆمارنەكراون یا توشی لەنێو چوون هاتوون. لەم بارەیەوە هونەرمەندی میللی ئیبراهیم سابیر یەكێكە لە شوێن كەوتوانی حسن زیرەك دەفەرموێ حەسەن زیرەك زاتێكی هێندە گەورە بوو هەرنەغمەیەك لە ئامێری موزیك نەبیستراوە لە دەنگی ئەم دەبیسترا، واتە وەك ئامێرێكی موزیكی دەی شوبهێنێ. هونەرمەند ئیحسان زیرەكی شوێن كەوتەی حەسەن زیرەك بە گەورەترین خەزێنەی هونەری كوردیە ناوزەدی ئەكات. وە هونەرمەند میدیا حسێن دەربارەی هونەرمەند حسن زیرەك دەڵێت : ناوی حەسەن زیرەك و عەلی مەردان و ماملێ وەك ناوی نالی و سالم و مەحوی هاوتای یەكن، لەئەدەبی شیعری و گۆرانی كوردی.

# کاریگەری گۆرانیەکانی حەسەن زیرەك لەسەر گۆرانی بێژانی باشوری کوردستان

یەکەم/ لایەنی وێژەیی: ئەگەر لەلایەنی وێژەیی و زمانەوە گۆرانیەکان سەیر بکەین دەبینین بەهۆی گۆرانیەکانەوە بەسەدان دێڕ لەهۆنراوەی کەلەپووری کوردی، کە دەیان هەزار ووشەی زاراوە جیاواز و هەمەڕەنگیان تێدایە، بەهۆی بەکارهێنانیان لەناو گۆرانیەکانی زیرەك لە فەوتان ڕزگاریان بووە.

دووەم/ لایەنی موزیکی: هەروەها گەر لە ڕووی موزیکەوە لێیان بڕوانین ئەوا سەدان ئاوازی کەلەپووری ناوچە جیاوازیان پاراستووە و بونەتە گەنجینەیەکی پڕ بەها بۆ هەوادارانی گۆرانی کوردی و توێژەرانی بواری موزیکی کوردی.

سێ یەم/ لایەنی سروشتی: حەسەن زیرەك توانیویەتی سوودێکی ئێجگار زۆر ببینێ لە هونەر و جوانی سروشت و دیمەنە ڕەنگاو ڕەنگەکانی ژیانی خەڵك لە ناوچەکانی کوردستان و دەورووبەری و بیانکات بە هەوێنی گۆرانیەکانی.

# دەرەنجام

1. لە گۆرانیەکانی هونەرمەند حەسەن زیرەکتێبینی گشت لایەنەکانی ( سیاسی، کۆمەلایەتی، نەتەوەیی، ئاینی،) دەکرێت، ناوبراو توانیویەتی زۆر بە جوانی گوزارشت لە ڕاستیەکانی ژیان و حالّ و خۆشی و ناخۆشیەکانی میللەتی کورد بکات.

2. ڕاگرتنی هاوسەنگی لە گۆرانیەکانی حەسەن زیرەك لە نێوان هەرچوار پارچەکەی کوردستان لەڕوی دیالێکت و زمان و ئاوازەوە، خالّێکی تری سەرکەوتنی ئەم هونەرمەندەیە.

3. شارەزایی و لێهاتوویی هونەرمەند حەسەن زیرەك لە زمان زانی و لە دارِشتنی دەقی شیعری گۆرانی و ئەزبەرکردنیان، بەشێکی ترن لەسەرکەوتنەکانی هونەرمەند و زۆری ژمارەی گۆرانیەکانی.

4. هونەرمەند حەسەن زیرەك لەبەر ئەوەی زۆر کاری جۆراو جۆر و زۆر شوێن گەڕاوە توانیویەتی زۆر بە جوانی ئەم ئاوازانەی کە هی کوردیش نەبونە لە بنەڕەتدا، بە شێوازێکی کوردیانە و تامو چێژێکی تایبەتیان پێ ببەخشێ، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا خالّێکی تری کاریگەریەکانی زیرەکن لەسەر هونەرمەندانی باشوری کوردستان.

## ڕاسپارد

دامەزراندنی کتێبخانەیەکی دەنگی تایبەت بە گۆرانی و بەرهەمی گۆرانیبێژە ڕەسەن و فۆلکلۆرەکانی کوردستان و کۆکردنەوەی سەرجەم گۆرانیەکانیان بۆ پاراستنیان لە فەوتان و لەناوچوون.

## پێشنیار

کارکردن لە سەر کۆکردنەوە و بەئەرشیف کردنی بەرهەمەکانی گۆرانی کوردی بە گشتی و هونەرمەند حەسەن زیرەك بە تایبەتی .

# سەرچاوە


1. باكوری گۆرانی بێژە نەمرەكان، چاپی یەكەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، 8ەولێر 2002 .
2. برایم فەرشی : زیرەك هونەرمەندی نەتەوەیەكی بندەست، چاپی یەكەم، ناوەندی شانۆی كۆچەر، كۆڵن 1996.
3. جەمالی دەلاك : لە ساڵیادی كۆچی بلیمەتی نەمر حەسەن زیرەك دا، گۆڤاری چلاوز، ژمارە52، دەزگای موزیك و كەلەپووری كوردی، هەولێر 2010.
4. هیوا عمر احمد : حەسەن زیرەك، چاپی یەكەم، چاپخانەی ڕاپەڕین سلێمانی، سلێمانی 1976.
5. زۆزك احمد قەرەداغی – زاهیر محمد عەزیز : ڕۆڵی حەسەن زیرەك لە موزیكی كوردی دا، چاپی یەكەم، چاپخانەی شڤان،سلێمانی 2004.
6. حوسێن شێربەگی : دەچمە سەر ناڵەشكێنە، گۆڤاری ڕامان، ژمارە149، چاپخانەی ئاراس، هەولێر 2009.
7. میرزا كەریم خۆشناو : حەسەن زیرەك و هەندێك لەبەسەرهاتەكانی، چاپی یەكەم، چاپخانەی حسام، بغداد 1984.
8. برایم فەرشی : زیرەك هونەرمەندی نەتەوەیەكی بندەست، چاپی یەكەم، ناوەندی شانۆی كۆچەر، كۆڵن 1996.